# جادووی حەنین

د. ناصح قەرەداخی
nasihqeredaxi@yahoo.com

گەرچی رۆژم لە بان سەکۆی ماڵەکانی نیشتمانم
تەمەنێکە لە چاوەچاو
زیندانێکە لە خەونی سەوز
ژووانێکە لەگەڵ حەزو تاسەی ڕاماو!
***
گەرچی شەوم لە کۆڵانی شارەکانی نیشتمانم
ئاسمانێکە رەش داگەڕاو
شەرمن بە ماچی ئەستێرە
نامۆ بە خەرمانەی مانگ و تیشکی هەتاو!
***
گەرچی زەمان لەسەر کوڵمی کێوەکای نیشتمانم
فرمێسکێکی قەتیس ماوە
نیگایەکە ئەسیری چاو
رووبارێکی راوەستاوە!
***
گەرچی مێژوو لە بن دارو بەردەکانی نیشتمانم
جۆگەی ئارەقە و خوێن و نان
رێچکەیەکە تونـاو تون وێڵ
یاداشتێکە پڕ لە گومان!
***
گەرچی، گەرچی، گەرچی... بەڵام
تروسکەیەک لە نیگاما
چەخماخەیەک لە ناو دڵی بەهیواما
بۆنیک لە ئەشق لە ناو باخچەی تەمەنناما
بانگم ئەکەن بۆ باوەشی ئەم دۆزەخەی بەهەشتی من
لوولم ئەدەن بۆ گێژەنی خەیاڵی ون.
بە گوڵاوی ئەشقی شیرین
مەستم ئەکەن.
بە زنجیری جادووی حەنین
دیلم ئەکەن.
وێڵم ئەکەن
بە سەرابی خەونی رەنگین،
ئەم جادووەی ئەشق و حەنین.